ڕۆژنامەوان و پەیامنەر ئەحمەد شامکی لە شەلادزێ دوای پێنج ڕۆژ لە دەستگیرکردنی بە کەفالەت ئازادکرا

ئەحمەد شامکی، ڕۆژنامەوان و پەیامنەر لە شەلادزێ، دوای پێنج ڕۆژ لە دەستگیرکردنی بە کەفالەت ئازادکرا.

ئەحمەد شامکی ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو (26ـی حوزەیرانی 2024)، لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی ئەو شارە دەستگیرکرا بەهۆی بڵاوکردنەوەی دۆسیەی گەندەڵی پەیوەست بە فرۆشتنی زەوییەک لە شەقامێکی گشتی لە شەلادزێ، دوێنێ چوارشەممە بە بڕیاری دادوەر بەکەفالەت ئازادکرا.

پێشتر دەزگای میدیایی حەوت ڕۆژ ڕایگەیاند، ئەحمەد شامکی پەیامنەری دەزگاکەیان لەشارۆچکەی شەلادزێ لەسنووری پارێزگای دهۆک لەسەر ئاشکراکردنی دۆسیەیەکی گەندەڵی دەستگیرکراوەو لە بەندیخانەیەکی ئامەدی بەندکراوەو ئەم دەزگایە کە ڕۆژنامەنووس ئەحمەد شامکی وەک پەیامنەر کاری لەگەڵ دەکات ڕایگەیاند، لە ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردووە 26ـی حوزەیران، پەیامنەری دەزگاکەیان ئەحمەد شامکی بەهۆی هەوڵی ئاشکراکردنی دۆسیەیەکی گەندەڵی پەیوەست بە فرۆشتنی زەوی لەیەکێک لە شەقامە سەرەکییەکانی شەلادزێ لەلایەن هێزە ئەمنییەکان دەستگیرکراوەو گواستریەوە بەندینخانەیەکی قەزای ئامەدی.

هەروەها لە ڕوونکردنەوەیەکدا هاتووە کە ڕۆژنامەنووس ئەحمەد شامکی پێش دەستگیرکردنی هەڕەشەی لێکراوە لەلایەن بەرپرسانی ئەو ناوچەیە لەهەوڵی ئاشکراکردنی فرۆشتنی یەکێک لە زەویەکان، دواجار

رۆژی چوارشەممە دەستگیرکرا و گواسترایەوە بۆ بەندیخانەیەکی ئامەدی.